# یەکەمین سفتاحی حکومەت پاش هەڵبژاردن، بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی، 30ساڵ زیندانیش بۆ د. کەمال

ئەردەلان عەبدوڵڵا

لەهەموو هەڵبژاردنەکانی جیهان دا ، سیاسیەکان کۆمەڵێک پەیمان و گفتی درۆ بەخەڵکی عەوام دەدەن . لێ کاتێک کەدەبنە سەرۆک و حکوم دەکەن ، لەپەیمان و گفتەکانیان پەشیمان دەبنەوە . سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا،پێش ئەوەی بێنە سەر حوکم، پەیمانی کەمکردنەوەی بێکاری و باشکردنی باری کرێکار و کەم درامەت و هەژارەکانیان بەخەڵکی دا. لێ کاتێک هاتنەسەر حوکم، بێکاری دووقات بەرزبوویەوە، کرێکارو کەم درامەتەکان،بەشێوەیەکی ترسناک باری ژیانیان خراپ بوو. لەئینگلتەراو فەرەنساش بەهەمان شێوەسۆسیال دیموکراتەکان ، کۆمەڵێک پەیمانی خۆش و درۆیان بەکرێکاران دا، لێ هەژاران و کرێکاران هەزاران جار رەحمەتیان بۆ تاتشەرو شیراک نارد.
لەعێراق و کوردستانیش لایەنەسیاسیەکان هەریەکەلەلای خۆیەوە ، کۆمەڵێک پەیمانی درۆی شاخداریان بەخەڵکی داو دڵیشیان بە بەهەشتێکی گەورەشادکردن. لێ دوێنی لەیەکەمین سفتاحی حکومەت پاش هەڵبژاردن ، سێ قات نرخی سووتەمەنی بەرزکردنەوە، لەهەندێک شوێنیش گەیشتە چوار قات و پێنج قات . وەزیری نەوت(ابراهیم بەحر علوم) بەرگری لەم بریارەی خۆی کردو جەختی لەسەر گرنگی ئەم بریارەی حکومەت کرد . ووتیش گوایە ئەمە لەبەرژەوەندی گەلی عێراقە. ئەم بەرێزەش ئامادەیی دەست لەکارکشانەوەی خۆی پیشاندا. ئاخر ئەم لەهەموومان شارەزاترە، بۆچی ؟! ئەم بەرێزە سەردەمانێکی زۆر لەبەحری عیلم دا مەلەی کردووە!!. پاشانسەرۆکی پرۆژە تایبەتیەکانی سلێمانی بەکوردساتی ووت : کەس خۆپیشاندان نەکات ، چونکەئەمە بریاری حکومەت نییە بەڵکە بریاری سندوقی دراوی جیهانییە و جگەلەسووتەمەنیش ، بوارەکانی تریش دەگرێتەوە. سندوقی دراوی جیهانی دەیەوێت حکومەتی عیراقی ئەو یارمەتیانەی بۆ شمەکە گرنگەکان وەکو ( خۆراک و سووتەمەنی و دەرمان ) رابگرێت. واتە یەکەمین دیاری سەرۆک بۆش بۆ گەلی عێراق ، برسی کردن و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی عیراقە. ئەمەریکیە مرۆڤ دۆستەکان!!! دڵیان بەو ملیۆنان منداڵ و ژن وپیاوی عێراقیە خۆش نابێت ، کەلە ئەنجامی گەمارۆی ئابووری گیانیان لەدەست دا . سادیەتی حکومەتی ئەمەریکا بەجۆرێکە ، کەتەنها سادیەتی حکومەتەفاشیەکانی توورکیا وعەرەبستان پێیدەگاتەوە، هەربۆیە هێندەدۆستایەتیان بەهێزە.
لەسلێمانیە حەیاتەکە، نرخی سووتەمەنی پێنچ قات بەرزبویەوە. من نازانم بۆچی نێوانی بەغداو سلێمانی هێندە دوورە؟! گەر نرخی شتوومەک لەبەغدا بەرزبێتەوە ، ئەوا لەسلێمانی دووقات بەرزدەبێتەوە. لێ بۆ شتەکانی تربە پێچەوانەیەبۆ نموونە، گەر لەبەغداوە 10 دینار بنێرن بۆ سلێمانی ، ئەوا تەنها 2 دیناری دەمێنێتەوە!. لەدژی ئەم بریارەی حکومەتی عێراقی لەشارەکانی عێراق خۆپیشاندان بوو . لێ لەکن خۆمان رێگایان نەدا!
لەهەولێری پێتەختیش، دادگایەکی لاکۆلانی! 30 ساڵ زیندانی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر بریار دا. لەکانگای دڵمەوە سووپاسی دکتۆر کەمال دەکەم ، چونکە لە ووتارەکانی پەشیمان نەبوویەوە.
بەراستی ئەم هەڵویستەی جێگای رێزە لای هەموو کەسێک . ئەرێ بەڕاست من لەبیرم چۆتەوە، دادگای هەولێر چەند ساڵ تەحسین شاوەیسی زیندانی کرد؟!! .
ئەمەیەکەمین سفتاحی ئەو حیزبانەیە بۆ گەلی کوردستان ، خوا کەریمە بۆ چوارساڵەکەی تریش.

ئەڵمانیا